

# كۆمۆنیزمی كرێكاری بەهێزكەن !

سەردارعەبدوڵڵا

sardar@telia.com أ

ئەمرۆ، بزووتنەوەی كۆمۆنیستی كرێكاری لە عێراق، وەك چرایەكی گەشی نێو شەوەزەنگی ئاسمانی تاریك و لێڵی عێراقە، تەنیا تروسكایی ئەم بزووتنەوەیە كە دەتوانێ هیوایەك بە دوارۆژ و خۆشبەختی بۆ كۆمەڵگە بگێڕێتەوە. كۆمەڵگەی عێراق و كوردستان رابردوویەكی سەخت و دژواری لە مێژووی خۆی بەسەربرد، رابردوویەك كە مرۆڤ، و مافەكانی هیچ رێزێكی لێنەدەگیرا، ئەمرۆش لە سایەی هێزەڕەشەكانی حاكم بەسەر عێراقدا بنەماكانی كۆمەڵگەی لەبەریەك هەڵوەشاندۆتەوە و گەرای كۆنەپەرسترین و دژی ئینسانی ترین هێز و دەستەوتاقمی ئیسلامی و عەشیرەتی تررووكاوە و بەربەریانە بەربوونەتە گیانی كۆمەڵگە.

ئەمرۆ، هێزەكانی سەر بە سیناریۆی رەشی بۆش و بلێر كۆمەڵگەیان پێبەڕێوە نابرێت و عێراقیان لەبەردەم چەنگێكی قەومی و ئەتنیكدا راگرتووە، كۆمەڵگەی عێراق و كوردستان لەسایەی ئەم هێزانەدا دوارۆژێكی تاریكتری لەوەی ئەمرۆ بە نسیب دەبێت؛ ئەوەی لە سایەی خەبات و نارەزاییەكانی خەڵكی بەدی هاتووە لەبەردەم هەڕەشەی پاشەكشەیەكی گەورەدایە.

سەركەوتنی ئیسلام و ناسیونالیزم و دەستگیریان لە جڵەوی دەستەڵات لە عێراق؛ تەنیا بەزیانی خەڵكی تەواودەبێت، رواندا و یۆگسلاڤیایەكی تر چاوەڕێمان دەكات، سەركەوتنی ئەوان ئێرانێكی تر و زیندووبوونەوەی خومەینیە، سەركەوتنی ئەوان بەشی خەڵكی تەنیا خۆزگەخواردن و مەدحی رۆژانی رابردوودەبێت! لە هەناوی ئەم سیناریۆ رەشەدا؛ تەنیا هێزە رەشەكان گەشەدەكەن، كۆمەڵگە دەبێتە ئەو زەلكاوەی دەیان باندی چەقۆكێشی ئیسلامی و قەومی سەردەربێنن و نەك تەنیا بێحورمەتی بە مرۆڤ؛ بەڵكو سەربرین و ملپەڕاندنی مرۆڤ، بەشانازییەوە لەسایتە ئینتەرنێتیەكان و كەناڵە ئاسمانیەكان بلاوبكرێتەوە. هیچ جێگەی سەرسورمانیش نیە "گروپی تۆڵە"ی كوردانیش لە ژێر ناوی رابەران و دەمووچاوەدیارەكانی بزووتنەوەی كوردایەتیدا خۆی بەیان بكات؛ بۆ دەستوەشاندن و ملپەڕاندنی عەرەب.لە راستیدا،سەرهەڵدانی ئەو باند و گرووپانەی كە ئالای ملپەڕاندن و تیرۆری ملهوڕانەیان بەرزكردۆتەوە، لە هەناوی هەمان بزووتنەوە ئیسلامی و ناسیونالیستەكان هاتوونەتەدەر و دامودەزگا و رێكخراوی جانبی و غەیرە ڕەسمی ئەو هێزانەن.

لەنێو ئەم بارودۆخە پڕقەیراناوییەی عێراقدا، ناسیونالیزم و ئیسلام دەیانەوێت كۆمەڵگە بەرەو هەڵدێربەرن، سیمای ئینساندۆستی و یەكسانیخوازی بە رووی كۆمەڵگەوە نەهێڵن و كۆمەڵانی خەڵكی بەسەر خێڵ و ئایینەكان یاسایی بكەن و بیكەنە دەستوور.

بەڵام ئەوەی جێگەی هیوا و ئومێدە؛ بوونی بزووتنەوەیەكی تەواو جیاواز لە بزووتنەوەكانی سەربەسیناریۆی رەش؛ لەمەیدانبوونی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی كرێكاری و سكولاری نێوخەڵكیە. گەڕانەوەی كۆمەڵگە بۆ بارودۆخی سرووشتی خۆیی و بەدەستهێنانی ئاسیش، ئازادی، مافە مەدەنی و كۆمەڵایەتیەكان لە گرەوەی بەهێزبوون و بەدەستەڵاتگەیشتنی ئەو بزووتنەوە و حیزبەكەیەتی كە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقە.

وەك ئاشكرایە، حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقیش وەك ئامرازێكی كارسازە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرك و مەرامە چینایەتی و ئینسانیەكان، ئامرازێك كە دەتوانێت كۆمەڵگە لەژێر چەپۆكی رەشی هێزە بۆرژوازییەكان دەربكێشێتەدەرێ. ئەم حیزبە سەرەڕای كەموكورتیەكانی، دەتوانێت ببێتە ئەو هێزەی كە چارەنووسی كۆمەڵگەی بەدەستبێت و ئالوگۆڕی ریشەیی ئەنجامبدات و تەنانەت سیناریوی رەش بگۆڕێت بۆ سپی، مەرجی بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ئەركانەش كۆبوونەوە و ریزبەستنی جەماوەری بەرفراوانە لە دەوری سیاسەت و بەرنامەی ئەم حیزبە. بۆ رزگاركردنی كۆمەڵگەی و هەستانەوەسەرپێی كۆمەڵگەیەكی مەددەنی و متەعارف؛ كۆمۆنیزم وسوسیالیزم وەك ئۆكسیجین بۆ گیانی كۆمەڵگە پێویستن!

بەهێزكردنی و هاوكاری حیزبیكۆمۆنیستی كرێكاری عێراق، ئەركی هەموو ئینسانێكی پێشكەوتووخوازە، ئەركێكی هەنووكەیی و هەرئێستای ئەو ئینسانانەیە كە چارەنووسی كومەلگەیان لامەبەستە. بە رای من، مەسافەگرتن لەم حیزب و بزووتنەوەیە لە ژێر بیانووی بۆچوونی جیاواز و شەڕی ئایدۆلۆژیدا شانخالیكردنەوە و ئامادەنەبوونە بە بەشداری لەو پرۆژە ئینسانی و مەدەنیانەی كە ئەم حیزبە بۆ رزگاربوونی كۆمەڵگە لە دەستووری داناوە. بۆ هەركەسێك كە تەنیا شكی خاڵێكی هاوبەش لەتەك سیاسەت و بەرنامەی كۆمۆنیزمی كرێكاری شكدەبات، سەرەڕای بوونی هەر خیلافاتێكی تر دەتوانێ لەو مەیدانەی كە خۆی پێی مەبەستێتی

کاری خۆی درێژە پێبدات. کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان پێویستی بە هەموومانە، دەبێت بێینە مەیدان، تاکو دەستی شۆڤینزم و باڵی رەشی ئیسلامی سیاسی لەسەر کۆمەڵگە کوتاکەین! تاکو لایەنی کەم بتوانین ئاسیش و مەدەنیەت بگەرێنینەوە، تاکو منداڵەکان بتوانن بە دڵنیاییەوە برۆن بۆ قوتابخانە و کچان و ژنان بتوانن وەك  ئینسان سەیربکرێن و ئازادانە بە شەقامەکان هاتووچۆبکەن! تاکو نان و ئازادی دابین بکرێت!لایەنی کەم تاکو ئینسان وەك ئاژەڵ سەری لەملی جیانەکرێتەوە!